کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 23:22 24-12-2006

## نامەیەکی کراوە بۆ کوردستان پۆست و کەمالی سەید قادر ... سلافە هەولێری

زۆر لەمێژە دەمەوێت هەندێك راو سەرنجم لەسەر سایتی کوردستان پۆست بنووسم باس لە هەندێك بابەتیان بکەم کە بڵاوی دەکەنەوە و ڕاستییەکانیان سەرو واژووە، ، کە بەپێچەوانەوە ئێمەی خوێنەر دەمانەوێت ڕاستییەکان بزانین نەوەك بەشێوەیەکی نادروست تیمان بگەیەنن. بەڵام نازانم ئەی کاربەدەستان و بەڕێوبەرانی کوردستان پۆست قەد بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە هەردەم ببنە مینبەری راگەیاندنی راستییەکان کە بەداخەوە کە باسی هەواڵێك دەکەین و دەڵێین لە کوردستان پۆست خوێندوومانەتەوە خەڵکی دەڵێن باوەڕ مەکەن ئەوان مووبالەخە دەکەن لە بڵاوکردنەوەی ڕاستیەیکان، ، ئەمە سومعەی ڕێڕەوی ڕۆژنامەگەریتانە کە بەخۆشحاڵیەوە ناوتان وا زڕاوە، واتان لێهاتووە کەس بە نووسینەکانتان باوەڕ ناکات سیقەتان بێت من یەکێك بووم لە خوێنەرانی ئەم سایتە بەڵام ئێستا تەماشای ناکەم چونکە گومانم لەلا درووست بووە ئەوانەی کە موتابەعەشتان دەکەن کەسانێکی وەك خۆتانن دەنا ئێوە خوێنەرێکی زۆرتان لەخۆتان دوورخستۆتەوە چونکە کاری ڕۆژنامەگەری جنێودان و شکاندنی سومعەی خەڵکی نییە ئێوە دەتوانن بەشێوەیەکی تر ڕاستییەکان بڵێن نەوەك بە قسەی ناشرین ئێوە دەتانەوێت نەوەیەك وەك خۆتان جنێوفرۆش دروست بکەن کەئەمەش مایەیی قبووڵ کردن نییە.... ئێوە فێری ئەوەن کە خۆتان بکەنە تەرەفی هەندێك نووسەر کە بەداخەوە مایەیی نیگەرانییە.. ئێوە بۆ وەك سایتە کوردییەکانی دیکە پەنجە ناخەنە سەر ڕاستییەکان و خەڵکی لێیی ئاگادار ناکەنەوە بۆ گرنگی تەنها بەهەندێك نووسەر دەدەن و ئەوانەی کە لە بەرژەوەندی ئێوەدا نییە نووسیەنەکانی بڵاوی ناکەنەوە خزمەتی ڕۆژنامەگەری کوردی بەم شێوەیەی ئێوە دەبێت؟ ئەمانە پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر ڕاستییەکانتان جا خۆشیتان بێت یان ترشیتان بێت ئەوە ڕاستی ڕووی ئێوەیە کە بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونە دەتانەوێت لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن من دڵنیاتان دەکەمەوە ڕێگاتان دوورەو نایگەنی... بۆ نموونە من چەندین جار بابەتم لەسەر کەمالی سەید قادر نووسیوە بڵاوی ناکەنەوە چونکە زەرەری خۆتانی تیادایە ئێمە پەردە لەسەر ڕاستییەکانی کەمالی سەید قادر هەڵدەدەینەوە بەبەڵگەوە کە لە چ بنەماڵەیەك بووە باوکی بەعسی بووە پاشان لەدەشتی هەولێر کوشتوویانە چەندان وەسیقەم لەبەردەستە لەسەری بەڵام بۆشتان بنێرین بڵاو ناکەنەوە، ، ، ئێوەو کەسانێك بەرژەوەندیتان لەگەڵیدا هەیە کارە تەواونەکراوەکانتان بە نووسینەکانی ئەو زاتە تەواو دەکەن بۆیە ئەگەر ئێوە خۆتان بەسایتێکی ئازادو سەربەخۆ دەزانن ئێوەدیفاع لە کەسێکی زاناو زەحمەت کێش بکەن نەوەك لە کەسێکی وەك کەمال ناوێك کە هەڕو بڕ لەیەك ناکاتەوەو تووشی نەخۆشی دەروونی بووە بێگوومان ئەگەر کەمالێك باری بۆ پارتی نەبێت کە عەفوی کردو ناردیەوە نەمسا لەسەر ئەو هەموو جنێوە پیسانەی بە بنەماڵەی بارزانی دابووی پاشانیش داوای لێبووردنی کردو دیسان جارێکی دیکە ئێوە پشتان گرتەوەو دەستی کردەوە بە ناماقوولی کە بەڕاستی ئەمە ئەخلاقی بەناو هیچ دکتۆرێك نییە... ئیدی چۆن باری بۆئیوە دەبێت ئێوە بەس بزانن کەس قسەی بڵاوناکاتەوە لە سایتەکان تەنها ئیوە نەبێت کەس پشتی ناگرێت ئێوە نەبێت کەس حسابی جگەرەیەکی بۆ ناکات ئێوە نەبێت، ، ، تاکەی ئێوەو سەیتەکەتان پشتگیری لە خلەفاوان دەگرن بڕۆن گەندەڵییەکان دەستنیشان بکەن نەوەك دیفاع لە کەسانێك بکەن کە درۆی بەقەد شاخێك بکات وەك ئەوەی دەعوای لە مەسروور بارزانی تۆمار کردبێت من لێرەوە بەخلکی ڕادەگەیەنم کە ئەم قسانە ئەسڵ و ئەساسی بۆنییە بڕۆن خۆتان پرسیار بکەن پاشان دەزانن چەند درۆزنن و هیچ دەعوایەکی لەسەر کەس تۆمار نەکردووە ئەمە تەنها قسەی گیرفانیتی بۆیی شەرمەزارییە بۆ سایتەکەتان قسەی درۆ بڵاو دەکەنەوە نازانم ئێوە چ مەسلە حەتتان لەگەڵیدا هەیە. من نازانم ئەم عفریتەی ئاخر زەمانە چییە بۆتە دەم ڕاستی ئەوخەڵکە هەربۆخۆی

قسەدەکات و هەر بۆخۆشی بڕیار دەدات وەك ئەوە خۆی حیساب دەکات کە ئەم وەك جەنجاڵی ئاخر زەمەن دێت خەڵکی ئازاد دەکات واخۆی دەردەخات زۆر خەم خۆری ئەم خەڵکەیە باشە ئەگەر خەمی ئێمەتە بۆ نایەیتەوە کوردستان خەممان لێبخۆیت بۆ ناوێری بێیتەوە؟ یان ئەوەندە پاشەڵت پیسە ڕووی ئەوەت نییە سەرت هەڵبڕیت ئەوە باش بزانە ئێمە کەسێکی دەم پیس و درۆزن و خۆ فرۆشمان ناوێت ببیتە دەم ڕاستی ئێمە شەرەفی میهنەی دکتۆریشت برد.. برۆ بۆخۆت لە کافییەکانی نەمسا رابیرە باشترە وەك جاران بەلای خۆت لێمان کەرەوە ئیش و کارمان بۆ کەسێکی دووڕوی وەك تۆ نییە بەقوربان بە بابەتە سەقەتەکانت کە خوا دەزانیت کی فێرت دەکات و کی بۆتی دەنووسێت دەنا تۆ ئەو کەسە نیت قسە بکەیت یانیش وەکوو کارتێك بەکارت دەهەێنن داماو خڵەفاویت فریای خۆت کەوە تاوەکوو بەدەری مریشکە ڕەشە نەچوویت.

لە کۆتایدا من هەر ئەوەندە دەڵێم سەدانی وەك کەمالی سەید قادر بەم شیوەیە قسەیان دەکردوو پاشانیش بۆیان نەچووە سەر چونکە ڕۆژانیك دێت حەق و حیساب دەکرێت و پەردە لەسەر ڕاستییەکان هەڵدەدرێتەوە

بەهیوای دیدارت لەهەولێر کەمال گیان......